# نیشتمانسازی؛ خەرمانی دەسکەوتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق (1992-2018)

**کتێب:** نیشتمانسازی؛ خەرمانی دەسکەوتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق (1992-2018)، پرۆژەی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی
**ئامادەکردنی:** د. حوسامەددین عەلی مەجید و پەرویز ڕەحیم قادر
**چاپچانە:** چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2018.

**پێنووس 26, 09, 2018**

یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی هەرێمی کوردستان تاوەکوو ئێستا، بەردەستنەبوونی زانیاری و ئاماری ورد و باوەڕپێکراو بووە لە کەرت و سێکتەرە جۆراوجۆرەکانی حکوومەت. گرنگیی ئەم بابەتەیش هەر لە پرسی شەفافییەت و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی تاوەکوو پلاندانان بۆ پەرەپێدان و گەشە لە بوارە خزمەتگوزاری و ژێرخانە پیشەسازی و ئابوورییەکان و بەم پێیەیش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی بۆ ئەم بوارانەدا لەخۆ دەگرێت. خستنەڕووی ئەم بەرهەمە هەوڵێکی جددییە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییيە لە هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەم کتێبە یارمەتیدەری هاووڵاتیان لە ئاگابوونیان بە پەرەسەندن و پێشکەوتنەکان و، هەروەها پاڵپشتیی سیاسەتداڕێژەران و توێژەران دەدات بۆ هەماهەنگیی نێوان کەرتە جۆراوجۆرەکان و دەستنیشانکردنی لاوازی و کەموکورییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و، بەم پێیەیش پێداچوونەوە بە خاڵە لاوازەکان و بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی کەرتە بەهێزەکان بۆ گەشەپێدانی ئابووری و پەرەپێدان لە هەموو سێکتەرەکاندا. لێرەدا هەوڵ دەدەین پوختەیەك لە ئامانج و ئایدیای ئامادەکاران لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ پێشەکی و ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە گرنگ و پێویستە بۆ کوردستان بخەینە ڕوو.

لە پێشەکیی کتێبەکەدا هاتووە: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 لە لایەن ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانەوە دامەزراوە. ئەو ئەنجومەنە یەکەمین پەرلەمانی هەڵبژێردراو بووە بە شێوەیەکی دیموکراتی لە کوردستان و عێراق لە دوای دامەزراندنی ناوچەی دژەفڕین، بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان لە توندوتیژییەکانی ڕژێمی بەعسی شۆڤینیی عێراق لە ساڵی 1991. حکوومەتی هەرێمی کوردستان شارەزایی و لێهاتوویی لە ماوەی کابینە یەک لە دوای یەکەکانیدا بەدەست هێناوە، بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی 2003دا. دوو ئیدارەی جیای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2006دا یەکیان گرتەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی پێنجەم، کە سەرۆکوەزیرانی ئێستا، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی ڕابەرایەتیی دەکرد. کابینەی پێنجەم ڕێگەخۆشکەری چەندین پرۆژە و سیاسەتی بێهاوتا بووە، کە پێشتر بوونیان نەبووە وەک: دروستکردنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی، گرتنەبەری سیاسەتێکی دەستپێشخەرانە لە بواری نەوت و گازدا، بنیاتنانەوەی ژێرخانی هەرێم، هەروەها پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بانگهێشتکردنی سەرمایە و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتیی زیاتر بۆ پرۆژەکانی ئابووری، دارایی و گەشتوگوزار.

کابینەی شەشەم، حەوتەم و هەشتەم (سەرەڕای قەیرانی ئابووری و بڕینی بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکوومەتی بەغداوە و جەنگی دژی داعش) چەندین دەستکەوتی ستراتیژییان بەدەست هێناوە، کە گرنگترینیان پەرەپێدانی چەندین کەرتی ناوخۆن وەك: نیشتەجێبوون، خوێندنی باڵا، پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گاز و گەشەی خێرای وەبەرهێنانی دەرەکی. کابینەکانی پێشوو چەندین پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیان بۆ هاوولاتیان فەراهەم کردوون وەك: دابینکردنی بڕێکی باشی کارەبا، پەرەپێدانی ژێرخان و چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و پەروەردە، بەرزبوونەوەی بێوێنەی بەشی داهاتی تاکەکەس لە بەرهەمی خۆماڵیی گشتی و گەشەسەندنی ئاستی بژێوی ژیانی کوردستانیان.
هەروەها ئامادەکارانی ئەم کتێبە دەڵێن: ئامانجی ئەم کتێبە لە خستنەڕووی ئەم ئامار و زانیارییانە ئەوەیە کە لە لایەك هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئاگاداری ڕاست و دروستی پلان و هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بن کە لە بواری ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا هەڵێنراونەتەوە. سەرباری ئەوەیش، گرنگیی ئەو ئامار و زانیارییانە ئەوەیە بە بەراوردێکی ساکار و سادە لە نێوان ئامار و زانیاریی ساڵەکانی دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تاکوو ساڵی 2003، پاشان لە 2003وە تا ئێستا، ئاستی ستەم و بێبەشکردنی گەلی کوردستان لە ڕابردوو بخرێتە ڕوو و، نیشان بدرێت کە لە سایەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا چ پێشکەوتن و گەشەسەندن و پەرەپێدانێکی پێوانەیی لە بوار و کەرتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی هاووڵاتیاندا و لە مەوادیەکی زەمەنیی کورتدا ڕووی داوە و بە چ شێوەیەك وێنە و سیمای ژیانی گشتی و تایبەتیی کوردستانی گۆڕیوە.
پرۆژەی ئەم کتێبە کە لە لایەن "سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی" ئامادە کراوە، بە "میتۆدی بەراوردکاری" هەوڵی داوە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992 تاوەکوو ساڵی 2018، لە کەرتە جیاجیاکاندا بەراوردێك لە نێوان ئەم کەرتانە لەگەڵ پێش دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پاشان گەشەسەندنە جۆراوجۆرەکان بەپێی ئامار و زانیارییەکان بخاتە ڕوو. بۆ ئەم مەبەستە دوو مامۆستای زانستە سیاسییەکان و ئامادەکارانی ئەم کتێبە (د. حیسامەدین عەلی گلی و پەرویز ڕەحیم قادر) هەوڵیان داوە کە پێشکەوتنەکان لە ڕێگەی خستنەڕووی ئامار و زانیارییەکانی هەرێمی کوردستان بەراورد بکەن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و، هەروەها پێوەر و ستاندارە نێودەوڵەتی و جیهانییەکان بۆ کەرتە جۆراوجۆرە خزمەتگوزارییەکان، وەکوو پیشەسازی و کشتوکاڵ و پەروەرەدە و تەندروستی و ڕۆشنبیری و ئاوەدانکردنەوە و شارەوانی و گەشتوگوزار و هتد. لێرەدا بەکورتی پوختەیەك لە دوو نموونە لە سێکتەرەکانی ئەم کتێبە لە کەرتی پەروەردە و تەندروستی دەخەینە ڕوو.

**یەکەم: کەرتی پەروەردە**

وەزارەتی پەروەردە بەگوێرەی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان دروست بووە. لە ساڵانی ڕابردوو، ئەم وەزارەتە چەندین هەنگاوی گەورەی لە بواری بەرەوپێشبردنی پەروەردە و فێرکردن ناوە. بۆ نموونە، کاری سەرەکیی هەر دوو کابینەی یەکەم و دووەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بریتی بووە لە بەردەوامبوونی خوێندن و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان لە هەرێمی کوردستانی دوای کێشانەوەی دەزگە ئیدارییەکانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 1991؛ بەڵام کاری هەر دوو کابینەی سێیەم و چوارەم بە هەر دوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، بریتی بووە لە ڕەخساندنی هەلی خوێندن بۆ هەموو منداڵێکی هەرێمی کوردستان، هەروەها گرنگیدان بە هەر دوو پرۆژەی خوێندنی تەوزیمی و نەهێشتنی نەخوێندەواری. لە سەردەمی کابینەی پێنجەمدا کاری سەرەکیی وەزارەتی پەروەردە، گۆڕانکاری بوو لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا؛ گۆڕانکاری بوو لە پرۆگرامی خوێندن. لە کۆتاییی ساڵی 2009دا

که کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی تێدا دەستبەکار بوو، کاری سەرەکیی وەزارەتی پەروەردە بریتی بوو لە پێداچوونەوە بە گۆڕانکاریی سیستەم و پرۆگرامی خوێندن و دانانی ستراتیژیی نیشتمانی بۆ پەروەردە و فێرکردن و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی بواری پەروەردە و هەڵمەتی نیشتمانی بۆ دروستکردنی بینای قوتابخانە و گرنگیدان بە بواری خوێندنی پیشەیی. لە کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتی پەروەردە دڵنیاییی جۆریی خوێندنی کردە دروشمی سەرەکیی خۆی و، چەندین هەنگاوی گرنگی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن نایەوە. لێرەوە چەند نموونەیەك لە ئامار و زانیارییەکانی کەرتی پەروەردە بە مەبەستی بەراوردکردنی پێشکەوتنەکان لەم کەرتەدا دەخەینە ڕوو.

لە ساڵی 1991دا ژمارەی مامۆستایان لە قۆناغی بنەڕەتی و دواناوەندی (21,389) مامۆستا بوو، بەڵام ئەم ژمارەیە لە ساڵی خوێندنی 2003-2004دا گەیشتە (44,956) مامۆستا و، پاشان ساڵی 2016 ژمارەی مامۆستایان بووە (126,112). ئەم ئامارە دەربڕی ئەوەیە کە پەرەپێدان لە کەرتی پەروەردە و فێرکردن، یەکێ بووە لەو کەرتانەی کە جێگەی بایەخی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووە.

هەروەها ژمارەی بینای قوتابخانە لە نێوان ساڵانی 1991-1992دا لە هەرێمی کوردستان (842) قوتابخانە بووە، بەڵام لە ساڵی 2003- 2004دا بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو بەرز دەبێتەوە بۆ (2,972) قوتابخانە. پاشان بەرزترین ژمارەی دروستکردنی بینای قوتابخانە لە کوردستان تۆمار دەکرێت کە لە ساڵی خوێندنی 2015-2016دا بووە و، ژمارەیان بووە بە (5,275) قوتابخانە. جا ئەگەر ئەم ئامارانە لەگەڵ پارێزگەکانی تری عێراقدا بەراورد بکەین، دەبینین ئامارەکانی ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی وەزارەتی پلاندانانی عێراق کە لە ساڵی 2014 دەرچووە، قووڵاییی قەیرانی پەروەردەی عێراق نمایش دەکات:

- پارێزگەکانی عێراق پێویستیان بە (3762) قوتابخانە هەیە.
- دوو دەوامی و سێ دەوامی لە (7111) قوتابخانەدا هەیە.
- (791) قوتابخانە بە قوڕ دروست کراون. ئەمەیش مشتومڕێکی ئێگجار زۆری لەسەر ئاستی سیاسی و ڕاگەیاندن و وەزارەتی پەروەردە خۆی ناوەتەوە.
- زیادبوونی ڕێژەی ئەو قوتابخانانەی کە بەکەڵکی خوێندن نایەن و گونجاو نین بە هۆی خراپی و نیمچەداتەپینی بیناکانیانەوە و، ژمارەیان لە ساڵی خوێندنی 2010- 2011دا (1972) قوتابخانە بووە.

بۆ شیکردنەوەی ئەم قەیرانە قووڵەی پەروەردەی عێراق، دەکرێت ئاماژە بۆ بەشە بوودجەی ساڵانەی پەروەردە و خوێندن بکەین کە لە (4%) تێپەڕ ناکات لە تێکڕای بوودجەی گشتیی عێراق لە دوای ساڵی 2003وە، بەرانبەر بە گرنگیدانێکی ئێکجار زۆر بە هەر دوو کەرتی "بەرگری" و "ئاسایشی ناوخۆ" کە بەشە بوودجەکەیان دەگاتە زیاتر لە (50%) لە بوودجەی گشتیی ساڵانەی عێراق. هەروەها دەکرێت بڵێین کە زیادبوونی بەشە بوودجەی خوێندن و پەروەردە لە عێراق دوای ساڵی 2003، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر باشترکردنی جۆر و ئاستی خوێندن بە بەراورد لەگەڵ جۆر و ئاستی خوێندن پێش ساڵی 2003 نەبووە، بەڵکوو دواکەوتنی عێراق خێراتر بووە؛ چونکە بەشە بوودجەی پەروەردە خۆی بە شێوەیەکی کارا و زانایانە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی پەروەردە و خوێندن بەپێی ستراتیژیی بەروەردە و خوێندنی حکوومەتی عێراق بەکار نەهێنراوە و ناهێنرێت.

**دووەم: کەرتی تەندروستی**

ئامانجی سەرەکیی ئەم کەرتە، پێشکەشکردنی چاودێریی تەندروستی و شیکردنەوەی پەروەردەی تەندروستی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستی و ژینگەیی و دابینکردنی دەرمان و پێداویستییەکان و ئامێرەکانی پزیشکیی پێویستە، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی کارمەندان لە کەرتی تەندروستی و پەرەپێدانی خوێندنی پزیشکی و تەندروستی و هاندانی توێژینەوەی

زانستی.
سیستەمی تەندروستی پشت بە تەندروستیی سەرەتایی دەبەستێت وەکوو بنکەیەکی سەرەکی و، خزمەتگوزاریی تەندروستی دابین دەکات و پێداویستیی تاک و کۆمەڵ بەگوێرەی ستانداردی تەندروستیی جیهانی و بەپێی توانا ئامادە دەکات، لە ڕێگەی بەردەوامبوون لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستییەوە بۆ هەموو ئاستێک (یەکەم و دووەم و سێیەم) بە جۆرێکی بەرز و کارکردنی بە شێوازی تەواوکاری لە نێوان هەر دوو کەرتی گشتی و تایبەتدا.
لەم بوارەدا، بەپێی داتا و ئامارەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و بە هۆی باشتربوونی بارودۆخی سیاسی و ئاسایش و ئابووری و خوشگوزەرانیی خەڵك لە پاش ساڵی 2003وە لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی هیوا بە ژیان کە یەکێکە لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی خوشگوزەرانی و پێشکەوتنی هەر وڵاتێك بەرز بۆتەوە، بۆ نموونە لە ساڵی 2009دا لە هەرێمی کوردستان تێکرای تەمەن (74.2) ساڵ بووە، بەڵام پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2020دا بەرز بێتەوە و بگاتە (75.4) ساڵ بۆ هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ. سەرەڕای ئەوەیش تێبینی دەکرێت بەرزبوونەوەی هیوا بە ژیان بۆ ڕەگەزی مێینە، کە لە 2009دا (75.5) ساڵ بووە، لە 2020دا ببێتە (76.8) ساڵ. هەرچی ڕەگەزی نێرینەیە، تێبینی دەکرێت کە بەرزبوونەوەی پێشبینیی ژیان کە 72.8 ساڵ بووە لە 2009دا، بگاتە (73.9) ساڵ لە 2020دا. لە بەرانبەردا، دەبینین نیشاندەر (ئیندێکس)ەکانی بارودۆخی کۆمەڵگەی عێراق بە گشتی کەمترن بە بەراورد لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا. بۆ نموونە، دەبینین لە عێراق تێکڕای پێشبینیی ژیان (69) ساڵ بووە لە ساڵی 2011دا.
پێشکەوتنە تەندروستییەکان و هەڵمەتەکانی کوتان و پلانگەلی تەندروستی وایان کردووە، ژمارەی لەدایکبووان بە بەراورد بە ژمارەی منداڵانی لەبارچوو ئێکجار بەرز بێتەوە؛ هەروا ڕێژەی ژیان و مانەوەی منداڵان بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا بگاتە بەرزترین ئاست. بۆ نموونە لە ساڵی 2010دا کۆی لەدایکبووانی منداڵانی تەندروست و ساغ لە هەرێمی کوردستان (138,393) منداڵ بووە، بەڵام (20,383) منداڵ بەنادروستی لەدایك بوون و مردوون یاخود نەژیاون. هەروەها پێشبینی دەکرێت تا ساڵی 2020 کۆی لەدایکبووان بەدروستی و بەزیندوویی بگاتە (148,169) منداڵ و، کۆی منداڵانی مردوو بگاتە (23,921) منداڵ. کەواتە پێشبینی دەکرێت کۆی لەدایکبووان (6) جار زیاتر بێت لە منداڵە مردووەکان. ئەم پێشاندەرە دەرخەری بەرزبوونەوەی پێوانەیی پێشکەوتنەکانە لە بواری چەندایەتی و چۆنایەتیی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا کە کاریگەریی لەسەر هەموو بوار و کەرتەکانی دیکەدا دەبێت. بۆ نموونە، لە کۆی هەر 1000 منداڵی تازە لەدایکبوودا، ژمارەی منداڵی نادروست و مردوو لەسەر ئاستی جیهانییشدا دەورووبەری (40)ە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەم ژمارەیە (28)ە. بەڵام لە عێراق ژمارەی مردنی منداڵ دەگاتە (32)، هەرچەندە مردنی منداڵ لەنێو منداڵە تازە لەدایکبووەکاندا لە (37 بۆ 32) منداڵ دابەزیوە لە هەر (1000) منداڵێکی تازە لەدایکبوو لە نێوان ساڵانی (2007– 2011)دا.
حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 1991 تا ساڵی 2017 گرنگیی تایبەتی بە کەرتی تەندروستی لە هەر دوو بواری تایبەت و گشتی داوە. دەکرێت لەم بوارەدا بەراوردێکی بەرچاو لە نێوان ساڵی 1991 و ئێستادا بکرێت. بۆ نموونە ژمارەی نەخۆشخانەکان، ساڵی 1991، (26) نەخۆشخانە بووە، بەڵام لە ساڵی 2017دا ئەم ژمارەیە بۆ (76) نەخۆشخانە زیادی کردووە. ژمارەی بنکە تەندروستییەکان (PHCs) لە ساڵی 1991دا، (178) بنکە بووە و بۆ (961) بنکە بەرز بۆتەوە. ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان لە ساڵی 1991دا (3731) قەرەوێڵە بووە، بەڵام ئەم ژمارەیە لە ساڵی 2017دا دەگاتە (7805) قەرەوێڵە. لە لایەکی ترەوە، ژمارەی قەرەوێڵەکانی کەرتی تایبەت (15) قەرەوێڵە بووە لە ساڵی 1991دا، لە کاتێکدا لە 2017دا

بـووه بـه (1158) قەرەوێڵـە. سـەرباری ئەوەیـش، ژمـارەی ژووری نەشتەرگـەری، لـە (45) ژووری نەشتەرگەرییەوە بۆ (240) ژووری نەشتەرگەری زیادی کردووە. هەروەها ساڵی 1991 ژمارەی پزیشکان (826) پزیشك بووە و، لە 2017دا بووەتە (6693) پزیشك. بێجگە لەمانەیش ژمارەی پزیشکەکانی ددان لە ساڵی 1991دا (144) پزیشك بوون، بەڵام لە ساڵی 2017دا ئەم ژمارەیە بۆ (1701) پزیشکی ددان بەرز بۆتەوە. لە هەمان کاتدا ژمارەی دەرمانسازەکان لە ساڵی 1991دا (48) بووە، بەڵام ساڵی 2017 ژمارەی دەرمانسازەکان بووەتە (1035). جێگەی ئاماژەیە کە تاوەکوو ساڵی 1991 لە هەموو کوردستاندا تەنیا (1) نەخۆشخـانەی 15 قەرەوێڵەییی تـایبەت هەبووە، بەڵام سـاڵی 2018 ژمـارەی نەخۆشخـانە تایبەتییەکـان لـە هەرێمی کوردستاندا، بووە بە (49) نەخۆشخانە.

سەبارەت بە نەخۆشخانە و سەنتەرە پسپۆرییەکان دەتوانین ئاماری گەشەکردنێکی سەرنجراکێش و جۆری بخەینە ڕوو؛ بەم واتایەی کـە لـە سـاڵی 1991دا لـە هەرێمی کوردسـتان هیـچ سـەنتەرێکی پسـپۆڕی بـوونی نەبووە، بەڵام سـاڵی 2018 ئـەم سـەنتەرە پسـپۆڕییانە ژمارەیـان بـەم شێوەیەیە: بـۆ نمـوونە سـەنتەرەکانی "چاندنی گورچیلە" و "سەنتەری شێرپەنجە" و "سەنتەری تەلاسیمیا" و "سەنتەری نەخۆشییەکانی شەکرە" و "سەنتەری شیانەوە" و "نەخۆشخانەی دەروونی" و "سەنتەری دڵ" لە پارێزگەکانی هەرێمی کوردستاندا دامەزراون و بەسەریەکەوە ژمارەیان دەکاتە (21) سەنتەری پزیشکیی پسپۆڕیی حکوومی یاخود گشتی. لە لایەکی ترەوە، لە ساڵی 1991دا هیچ سەنتەرێکی نا-حکوومی لە کوردستاندا نەبووە، بەڵام ساڵی 2018 ژمارەی سەنتەرە تایبەتەکان بووەتە (68) سەنتەر.